www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:57 15-7-2007

گەڕانەوە بۆخودوئازادی ئەوی تر... !! شادیە حەسەن

قسەکردن لەسەر چەمکی ئازادی دووچاری ڕامانێکی قوڵمان دەکات وناتوانین هەروابەسادەیی وسەرپێیی ڕستەیەك فڕێ بدەین و دەست بەرداری بین، چونکە چەمکی ئازادی هەڵگری دیایەك ئیشکالیاتی جۆراوجۆرەو، هەڵگری دنیایەك پێناسەی جۆراوجۆرە. هەربزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فکری وسیاسی بەجۆرێك پێناسەی ئازادی دەکات و ئەوی تر بەپێشێلکاری ئازادی دەزانێت... لەگەڵ بوونی ئەو هەموویێناسەیە لەبارەی ئازادیەوە کەچی تائێستا مرۆڤ نەگەیشتوە بەئازادی. پرسیاری ئەم نووسینە ئەوەیە، کەتائێستا بۆچی مرۆڤ نەگەیشتوە بەئازادیەکانی؟.

ڕەنگە یەکێك لەئیشکالەکانی نەگەیشتنی مرۆڤ بەئازادی ئەوەبێت، کەچەندین چەمکی ترخراوەتەپاڵ ئەوچەمکەو پێکیانەوەگرێداون، یاخودئازادیان بەستوەتەوەبە سەرکەوتن و وەرگرتنی دەسەڵات و ڕزگاربوونی ئایینك، یان نەتەوەیەك، کەلەزۆرترین جاردا خواستی ئەو ئایینە، یان نەتەوەو مەزهەبە بەسەمەر گەیشتوە، بەڵام ئازادی بەوجود نەهاتوە، لەبەر ئەوەزۆرجار مرۆڤ ئازادی خۆی پێشێل کردوەو تێکەڵی بە بەرژەوەندی پێکهاتەیەکی دیاری کراو کردووە، بەمەش لەپڕۆسەی بەخودبوون دابڕاوەو مانای ئازادی تاکایەتی ونکردووە، لەوبارەیەوە* کریشنامۆرتی دەڵێت (مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتوە)، بەومانایەی تائێستا ئازادی تەنهاوەك چەمك باس دەکرێت و لەبواری جێبەجی کردندا بۆردێکی ئەوتۆی نییەو مرۆڤ پێی نەگەیشتوە، ئەوەی پێ گەیشتوە وەهمی ئازادیەو ئازادی حەقیقی ئینسانەکان تائێستا بەوجود نەهاتوە، بەمانایەکی تر تائێستا مرۆڤ نەگەیشتوە بەکەماڵی ئازادیەکانی... ئەمەئەو پرسیارەیە کەدەکری لەبارەی چەمکی ئازادیەوە بوروژێنرێت، کەبۆچی مرۆڤ بەئازادی نەگەیشتوە؟.

ڕەنگە هەروائاسان نەبێت قسەلەسەر گەیشتنی مرۆڤ بەئازادی بکەین، چونکە تائەوجێگایەی قسەلەخودبوونی مرۆڤ نەکەین ناتوانین قسەلەئازادی بکەین... خودی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و خوڵقێنەری زۆرینەی بەها مۆراڵی وڕۆشنبیری وفکریەکان، چۆن نەیتوانیوە بەخودبێت وکۆی ئەوانەی بەرهەمی هێناوە، یان هەنگاوی بۆناوە، کەلەنەستی ئەوتاکەدابوونی هەبوە بۆئازادبوونی خۆی، بەڵام بەئازادی نەگەیشتوە، کەواتە ئەفسوونی ئەوپرسیارە لێرەدایە، بۆچی ئازادی خودی بەوجودنایەت؟، کەمرۆڤ هەمووتواناکانی خۆی لەپێناوی دا خستوەتەگەڕ...

بەبڕوای من لەبەر ئەوەی پڕۆسەی بەخودبوونی مرۆڤ بەووجودنەهاتوە، بۆیە مرۆڤ بەئازادی نەگەیشتوە، بەمانایەکی تر کارکردنی مرۆڤ بەردەوام بۆئەوەبووە خۆی تەفسیربکات لەبەرامبەر چەمکی ئازادی دا، نەك ناخی خۆی ئازاد بکات لەکۆی داب و نەرێت وفەرهەنگ ومۆراڵ وبەهاکانی ترو ببێتەخاوەنی خودی خۆی... ئەم بەخاوەن نەبوونەی خودی خۆی وایکردوە بەردەوام لەگەڕانێکی بێسەمەردابێت وهەڵی گەیشتن بدات، هەرناگات وشیکار دەکات، بەڵام کارلەسەر سڕینەوەی ووێنەکانی ناوناخی خۆی نەکردوە، تائازادبێت و لەوێوە ئازادی بۆخودی خۆی و بەرامبەر بێنی... کاتێك مرۆڤ ئەوەدەکات ئیتر دەتوانێت ئازادبێت وکۆی یاساکانی دژی ئازادی هەڵوەشێنێتەوەو نەستی بەهەڵپەو توڕەی ئاسودەبکات... لەوێوە ووێنەڕاستەقینەکەی ئازادی بەوجود دێت و ووێنە ناشرینەکانی بەرژەوەندی نامێنی ومرۆڤ دەبێتە مرۆڤ ودابڕاودەبێت لەدەست بەسەراگرتنی ئەوی ترو کۆکردنەوەی بەرژەوەندی... مرۆڤ دەبێتە خاوەنی خودی خۆی و ئازادیەکانی...

2007/7/10

*مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتوە – ن/کریشنا مۆرتی، و /یاسین عومەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.